بەرپرسێکی باڵای دەوڵەتی ئیسلامی لە هەرشێکی ئاسمانیدا لە هەژاوای کوردستان کوژرا

فەرماندەیی ناوەندی هێزەکانی ئەمریکا هەژی چوارشەممە ڕایگەیاند کە ئوسامە جەمال ئێلجەنابی، بەرپرسێکی باڵای دەوڵەتی ئیسلامی لە هەرشێکی ئاسمانیدا لە سوریا کوشتووە.

لە بەیاننامەیەکدا کە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئێکس باڵاوکراوەتەوە، فەرماندەی ناوەندی هێزەکانی ئەمریکا ڕایگەیاند، مردنی جەنابی "توانای داعش لە دابینکردنی سەرچاوەو ئەنجامدانی هەرشی تیرۆریستی لاواز دەکات".

فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا ئەوشی خستەوو کە لەگەڵ هاوپەیمانەکانمان لە ناوچەکە بەردەوام دەبین لە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن بۆ ئامانجی لاوازکردنی تواناکانی داعش.

لەلایەکی دیکەوە، فەرهاد شامی وتەبێژی هەسەد پیرۆزبایی کوشتنی ئوسامە ئێلجەنابی کرد و نووسیویەتی، پیرۆزبایی کوشتنی ئوسامە ئێلجەنابی گەورە تیرۆرست لە هاوکارانمان لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لەئەنجامی هەرشکی ئاسمانی لە عەفرین دەکەین.